

**لە ئازادی ڕۆژنامەگەریدا بڕوام ناکەم بتوانم سێ مانگ دەسەڵاداربم. ناپلوین بونابرت*1**

# ئازادی میدیا و پاشقولی دەسەڵات

## جەزا چنگیانی

گرنگترین بابەت لەنێو کۆمەڵگای ژێر دەسلاتی دیکتاتۆردا ڕاڤەکردن و خەوبینیە بە دیموکراسی وئازادی میدیا و ماڤ مرۆڤەوە.هیچ دکتاتۆریکیش هێندە موڕاڵی پاك نیە دان بەو ڕاستیەدا بنێ کە کوژەری ئازادییە تاك و کۆکەکانی کۆمەڵگایە. دکتاتۆرەکانی ئەم دونیایە هەموو شێوەیەك بەکاردێنن بۆبەرنگار بوونەوەی داخۆازییەکانی خەڵکی بۆ دیموکراسی وماڤ مرۆڤ و ئازادی میدیا هەیە بەئەشکەنجە ولێدان و توقاندن وهەڵواسین وهەشە بە کڕینی کادیرانی ویژدان سوك وشەیدای دەستکەوت لە بۆاری میدا و ژیاندا .

## ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی سەرمایە :

ئازادی ڕۆژنامەگەری بەری ئازادی لیبرالیتی بازاڕە.بازاڕێکی لیبرالی سیستەمداری نەك بەڕەڵای بازاڕ ودەسەڵاتی مافیا.هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و لقەکانی تری میدای کۆمەڵگای سەرمایەداری و دیموکراتی پێش ئەوەی دەزگا و سەرچاوەی ڕۆشنبیری بن ڕێکخراوی ئابوورین( ئابوری تایبەتی وکۆبەشدار)ڕاستە لە کۆمەڵگا دیموکراتیەکاندا ڕۆژنامە هەیە هەڵگر و داکۆکیکەری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی و داکۆکی لەسیاسەتی پارتێك یان چینێکی کۆمەڵگا دەکات و دەبێتە بڵندگۆ وەك ئەندامی پارتێکی دەسەڵاتدار یان ئۆپۆزسیون لە ناو میدیادا ڕۆڵدەبینی. لۆژیکی ئاوزانی کۆمەڵگای مۆدیڕن چۆن دەنگە جیاوازەکان لە هۆڵی پەرلەماندا بوونیان هەیە لە ئاست بەرژەوەندی گشتیدا ڕێز لە بۆچوونەکانی یەکتری دەگرن ئاواش لە بۆاری ڕۆژنامەگەریدا هەمان شێوە دەنگ وڕەنگە جیاوازەکان ڕێزی لیدەگیرێ . جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگای پڕیمتیف و مۆدیڕندا ئەوەیە تاکی کۆمەڵگای مۆدیڕن بە شێوەیك پەروەردەکراوە کە( بەرژەوەندی خۆی لە بەرژەوەندی کۆدا دەبینی) بۆیە ئەگەر دەسەڵات سوکایەتی بە تاکی ژمارە یەکی کۆمەڵ کرد ئەوە تاکی ژمارە دووهەمی کۆمەڵ پەسەندی ئەو

سوکایەتیە ناکات ئەگەرچی خاوەنی دوو ئایدۆلۆژی دژیش بن .تاکی دووهەم لەسەر ماڤ تاکی یەکەم دیتە زمان چونکە بڕوای وایە دەبیٚ هەموو تاکێك ماڤ پاریزراو بێت. تاکی دووهەم دەڵی ئیمڕۆ دەسەڵاتێك تاکێکی کۆمەڵ بچەوسێنێتەوە سبەینی منیش دەچەوسێنیتەوە بۆیە بۆ پاراستنی مافە مرۆی دیموکراتیەکانی کۆمەڵ گشت تاکەکانی کۆمەڵ هاوئامانجن.وەلی لە کۆمەڵگای کوردەاریدا تەواو پێچەوانەیە تاکی کورد تەنیا خۆی دەبینیتەوە خاوەنی فەلسەفەی(دەست بە کلاوەکەی خۆتەوە بگرە با با نەیبا) یە . تاکی کۆمەڵگای کوردەواری بەرژەوزەندی کۆی لامەبەست نیە بۆیە هەرزوو پارت وکۆلۆنیالیستەکانی کوردستان بە ئاسانی و بە هۆی دەستکەوتی تایبەتیەوە تاکی کورد لە خشتە دەبن وبازی بە چارە نوسیانەوە دەکەن. بەم جۆرە کۆمەڵگایانە دەوتری کۆمەڵگای(بەرغەلی)یانی تاکی کۆمەڵ وەك ئاژەڵ چاوەڕی گۆچانی دەسەڵاتی شوانە ئەمە(دۆزی ئیستای کۆمەڵگای باشوری کوردستانە).ئیمڕۆ دەسەڵاتی ئاوزانی سیاسی لە باشوری کوردستاندا ئاوزانی شاخە و ئاوزانی شاخیش یانی ئاوزانی پڕیمتیف ودکتاتۆرێتی فودیالی گەوج بە سیستەمی مۆدیرن ودیموکراسی هێڵنجیان دیٚ.بۆیە دەبینین سیستەمی کاری گشت ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستانی ژێر چەقۆی (پارتی و یەکیتی) سیستەمێکە کە ئاوزانی شاخ میکانزمی دەکات نەك دەسەڵاتی ئاوزانی مۆدیرن.دەستنیشانکردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك یان لێپسراوی دەستگایەکی میدیا لەسەر ئاستی توانا و لیهاتووی کەسی هەڵبژێردراو نیە بەڵکولەلایەن سەرۆك یان سکرتیری گشتیەوە دەستنیشاندەکریت وەك ئەو ڕاستییەی(کاك نەوشیرەوان و کوسرەت علی وعومەر سید علی ) لە سکاڵانامە ئاشکراکەدا بۆ تاڵەبانیان نووسن :


5) سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری راگەیاندنە , بەرپرسی رۆژنامە , رادیو و تەلەفزیونە , نوسـەر و بێژەرەکانـی تەنانـەت تەکنیککارەکانی بە ئارەزووی خۆی دەهێنی و دەگۆری , رەنگە دەزگای راگەیاندنـی یەکـێتی تەنیا دزگا بێ لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست دا کە سکرتێری گشتی روژانە خۆی وێنەکانی خۆی و مێوانەکانی و هەوالەکانی بۆ بلاوکردنەوە لە دەزگاکانی راگەیاندن دا هەلدەبژێرێ .

ئەمە ڕاستگۆترین زانستی کەسانێکە کە لە لووتکەی دەسەڵاتی یەکیتیدان و بەڵگەی حاشە هەڵنەگری دیکتاتۆری پیر (تاڵەبانیە) شتێکی لۆژیکە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك یان لێپسراوی دەستگایەکی میدیا گەر لە ئاستی تواناو پڕاکتیکی چرەوە نەگەیشتبیتە ئەو پلەیە ئەوە ڕەوتی ئەو ڕۆژنامە و چمکە میدیایە ناتوانی بەرەو بڵندگۆی ڕاستی و ئازادی بەری چونکە لغاوی دەسەڵاتی پارتێکی لە دەمدایە .بۆیە لەوەها دۆزو هوشیارییەکدا کفرە ...ناماقوڵییە ..درۆیە...تڤە..چەمۆڵەیە ..پاشقولە ..ئەنفالە لە ئاوزانی مرۆڤی کوردی سادە گەر باس لە ئازادی ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشوردا بکرێت.کە دەسەڵاتی ڕەهای دوو دکتاتۆربە بەهەردوو شێوەکە تیرۆری ئازادی میدیادەکەن.پێوەرو فەلسەفەی ئازادی تەنیا بە ژمارەی زۆری بڵاوکراوە وکەناڵی تەلەفزوین و ڕادیوی نیە.فەلسەفەی ئازادی تاك و کۆمەڵ پرسیارکردنە لە ڕەهای دەسەڵات وپرسیارکردنە

لەنەبوونی یاسا و دەستور و پەرلەمانێکی هەبژێراوی نا(ئیکسپار)کە داکۆکی لە ئازادی و مافە مرۆیەکان بکات .ئیمڕۆکە کە نەتەوەی کورد یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکاتەوە...باشوری کوردستانیش لەژێر چەپۆکی هیچ کۆلۆنیالیستکی بیگانەدا نیە.کەچی میدیای کوردی لەپیسترین دۆخی چەوسانەوەو ئاژاوەدایە.ئەگەر ئازادی ڕۆژنامەگەری ئاوینەیەکی ڕووناکی کۆمەڵگای مدنی و دیموکراتی بێ ئەوە کۆمەڵگای پریمتیف و دەسەلاتی دیکتاتوری جەلال و مسعود و ناتوانن ئەدموسفیرێکی وا دیموکراتی بهێنە بەرهەم کە ڕۆژنامەنووس بتوانی پرسیار لە نهێنیەکانی دیوەخانی هەردوو سولتان بکات .

کادێرەکانی( کوردستانی نوێ , خەبات , برایەتی...هەموو ئەو دەزگایانەی سەر بەو دوو ڕێکخراوەن گشتیان قوتابی قوتابخانەی میدیای بەعسن .. بڕوانە بزانین ئێمە ڕاستین ؟؟؟ جاران لە هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکانی بەعس وبەخشی میدیاکاندا لە لاپەڕەی یەکەمدا وێنەیەکی سەرۆکی فەرماندە صدام پەخشدەکرا . لە زۆر وتاردا ئاماژە بە ووتەیەکی سەرۆك صدام دەکرا . ئیستاش لە کوردستانی نوێ و خەبات وبرایەتیدا هەمان شێوەیە .بە ڕادەیەك ڕۆژنامەنووسانی ئەم سێ بڵاوکراوەیە باس هەردوو دکتاتۆر ( جەلال و مەسعود ) دەکەن خۆیان واتە ( جەلال و مەسعود) لەو هەموو درۆ و ماستاوکردنەی ڕۆژنامەنووسانی ئەو سێ بۆارە تورە بوون . با قسەکانمان فاکتی هەبێ و فەرموو بزانن ( جەلال ومەسعود) چۆن سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووسانی خۆیاندەکەن :

مام جەلال دەڵی : مام جەلال بە کولاوی بە خاوی بە برژاوی ...ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 1782 و1783 ساڵی 1999 . چاوپێکەتن خانمی ڕۆژنامەنووس کەژاڵ ئەحمەد .( بەڵگەی 1 و 2 )...*2 بەڵگەی ژمارە 1

مەسعود بەرزانی بۆ خەبات و برایەتی دەنووسێ : لەمەو دوا نە وێنەی من و نە ناوی من بڵاونەکەنەوە نە لە ڕۆژنامە و نە لەتەفزیۆنەکان .چونکە من حەز لەو مەزاهیرانە ناکەم وبیزم لێی دەبێتەوە .*3

ئەم دوو ڕاستیەی سەرەوە کەسایەتی نزم ولاوازی ئەو ڕۆژنامەنوسانە نیشان دەدات کە لە کوردستانی نوێ و خەبات و برایەتیدا کاردەکەن .کادیرانی ئەو سێ دەزگایە هێندە درۆ و باسی ئەو دووانەیانکروە هەردووسەرۆکیان هانیوەتە زمان ئەمە ئاستی هوشیاریان بێ دەکرێ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بتوانن داکۆکی و پارێزەری ئازادی ڕۆژنامەنووس بن .هەر لە ساتی ئامادەکردنی ئەم ووتارەدا لە سلیمانی هەردوو ڕۆژنامەنووسی بەڕێز کاك ئاسۆس هەردی وکاك توانا عوسمان دادگایکران و سزایان بەسەردا دراوە *4 .

## دەستور وئازادی ڕۆژنامەگەری و تاکی کۆمەڵ :

دەسەلاتی گەندەڵی و دەسەلاتی ڕەها..دەسلاتێکی گەندەڵی ڕەهایە...*5 لە باشوری کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زۆر باسی لیبریالیت و دیموکراسی دەکرێت کەچی پەیڕەوی یاسای دیکتاتۆری و تاکڕەوی ئاوزانی شاخ پیادەدەکرێت . کەباس لەسوسیالیستی ودادوەری کۆمەلایەتی دەکرێت دزی و دەستخەڕوی زۆر وژمارەی مافیاکان وهەژاران لە کۆمەڵگادا بەربلاوە .کاتێکیش قسە لەسەر ئازادی وسەروەری نیشتمان دەکرێت , کورد بەدەستی خۆی خۆی دەکا بەبەشێك لە ولاتێکی کۆلۆنیالیستی وەك عیراق وسیاستمەدارانیش شانازی بە عیراقی بوونیاوەدەکەن.مەسعود بە شانازییەوە ڕوودەکاتە برا عەرەبەکانی .ئەو عەرەبانەی بەرزانییەکانیان بەو شێوە دڕندەیە کوشت و هەزاران ئافرەتی بەرزانیان ئەتکرد مەسعود لە خەباتدا دەبێژی( خۆ زانیتان کورد زامنی یەکیتی عیراقە )*6 کاتێکیش دێتە سەر مۆدیرنزم و تازەگەری کەچی ژمارەی مەلاو مزگەوت وپەچەی سەری خانمان لە زیادبووندایە .ئەمە بەشێکە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی و بێگومان کوردستانیش.

(ئازادی تاك دەستور دروستدەکات نەك دەستور ئازادی دەبەخشیتە تاکی کۆمەڵ)دەستوری عیراق ودەستوری داهاتوی هەرێمی کوردستان هەرچونێك دابریژرێ و دارێژراوە لەسەر بنەمای کولتوری کۆمەڵگایەك هاتوۆتە بوون کە بڕۆای بە سەروەری کولتوری کۆمەڵگای ئیسلامی هەیە.نەك لە ئازادی ڕۆژنامەگەریدا بەڵکو لە هەموو بوارەکاندا تا دین لە دەسەلاتی سیاسی و دەستور دور نەخریتەوە.کۆمەڵگا ناتوانی بە ئازادی بیر بکاتەوە و گەشەبکات .سترۆکتۆری کۆلتوری کۆمەڵگایەك کە دەقە پیرۆزەکان سنوری بۆ دانابێ توانای مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە ناتوانن هەنگاو بەرو دونیای مۆدیرن و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بنێن.کە دەزانرێت ئازادی میدیا ڕوونترین ئاوینەی ڕووی کۆمەڵگای دیموکراتیە.دەکرێت کەسانی سادە بە ژماری زۆری گۆڤار و ڕۆژنامەکان هەڵبخەڵتێن و بڵێن ئازادی ڕۆژنامەگەری بوونی هەیە.ئەو هەموو ژمارە زۆرە بلاوکراوەی ناو بازاڕی کوردستان و یارمەتی مادی دەسلاتی کوردی بۆ ئەو بلاوکراونە یارمەتی نیە بەڵکە پاشقولە ولە ئازادی دەگیرێ بۆ چونکە تا ژمارەی ڕۆژنامەکان زۆر بێ پۆخلاوات زۆر و دەنگی ڕۆژنامەنووسی ڕەسەن و هوشیار دەبێت بەژێر پێ ڕۆژنامە لاوازەکان و مرۆڤی کورد لە خوێندنەوەی ڕۆژانە دوور دەکەویتەوە. ئیستا بارودۆخی باشوری کوردستان وەك سەردەمی شای ئیران وایە هەرچیەك دەکەیت بیکە بەمەرجێك زیانت بە مافییەکانی دیوەخانەکانی تاڵەبانی و بەرزانی نەبێ.ئەم دوو خێزانە بە شێوەیەك خۆیان لە کۆمەڵگادا پیرۆزکردوە کە بۆ هیچ کەسێك نەبێ ئەوپرسیار بکات بۆ وا کۆمەڵگاتان بەرەو دۆزەخی مێژوویەك بردوە کە خۆشتان نازانن ژیانی مرۆڤی کورد چی بەسەردێ .

بەڵگەی ژمار یەك و دوو

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
بەشی ڕووناکبیری

# هەڤاڵ مام جەلال
# بۆ کوردستانی نوێو
# لە کوردستانی نوێ دەدوێ

**مام‌جەلال:** من نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، لەم ڕۆژانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باسی ڕووداوەکانی شتێکی کردبوو، لەلاپەڕەی یەکدا گووتبووی بچۆ بۆ لاپەڕە دوو... خۆی لەڕاستیدا هەق وابوو لەلاپەڕەی یەکدا باسی بکات... ڕەخنەیەکی ترم لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا ئەوەیە زۆر باسی مام‌جەلال دەکات، مام‌جەلال بەکوڵاوی بەخاوی، بەبرژاوی، هەمووی تێدایە.. من پێم وایە ئێمە سەرکردەکانی خۆمان با لەدوای مردن یان خانەنشین‌بوون، ستایش بکەین.. لەژیانی خۆیاندا پێیاندا هەڵنەڵێین، نەك لەبەرئەوەی کە ئەو برادەرانە ئەوە ناهێنن باسیان بکەین، یان ڕێزیان بگرین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو هەنگاوە گیانێکی سەرکردایەتی تاکڕەو پەروەردە دەکات. ئەوە پێی دەڵێن شەخس پەرستی، شەخس پەرستی وای لێدێ کە بیروباوەڕ لە کایەکەدا ناهێڵێت.. ئێمە لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دروست بووین لەسەر بنچینەی شەخس پەرستی دروست نەبووین، دژی شەخس پەرستی دروست بووین، دژی ئەوە دروست بووین کە ئەزموونە کۆنەکانی خەلکی کوردستان لەقالبمان نەدات و بۆئەوە دروست بووین کە لایەنگری سەرکردایەتی بەکۆمەڵین.. دەبێ سەرکردایەتی بەکۆمەڵ بنیات بنێین، بۆئەوەی هەر کەسە ڕۆڵی خۆی هەبێ. بۆ نموونە، ئێمە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی.

-٢٨-

**بەڵگەی ژمار سێ**



بۆ/مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن و
هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی
لە/مسعود بارزانی یەوە

Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.30 16:44:40 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

لەژمارەی پێشووی خەبات و ژمارەی دوێنێی برایەتی دا هەواڵێک دەربارەی دروستکردنی (١٣٠) خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان لەشەقڵاوە بڵاوکراوەتەوە، کە گوایە پارەی پرۆژەکە لەلایەن مەکتەبی بارزانی یەوە دەدرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە مەسرەفی ئەم پرۆژەیە و پرۆژەکانی هاوشێوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە دابین دەکرێت کە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ دابین کردنی سەرچاوەی داهات بۆ دروستکردنی خانووی خانەوادەی شەهیدان پێک هێنراوە کە هەڤاڵ نەجمەدین یوسفی سەرپەرشتی دەکات و تا ئێستا سەدەها خانووی بۆیان دروست کردووەو ئومێد وایە ئەم بەرنامەیە بەردەوام دەبێت تا خانوو بۆ هەموو خانەوادەی شەهیدان دروست دەکرێت. وە هیچ پارەی ئەم پرۆژانە لای مەکتەبی بارزانی یەوە دابین ناکرێت.

چەندین جار ئێوەم ئاگادار کردووە کە لاسایی خەڵکی تر نەکەنەوەو ناوی من نەخەنە ناو هەموو بابەت و ڕووداوێک.

لەمەودوا نە وێنەی من و نە ناوی من بڵاونەکەنەوە نە لە ڕۆژنامەکان و نە لە تەلەفزیۆنەکان، چونکە من حەز لەو مەزاهیرانە ناکەم و بێزم لێی دەبێتەوە.

ئەگەر جارێک بە ناچاریش، ناچاربوون لەبەر دیتنی میوانەکان هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، تەنها ئەو هەواڵە بڵاودەکەنەوە کە لێرەوە بۆتان دێت.

سەرچاوەکان :

1- احزان حريه الصحافه ..... صلاح الدين حافظ .... مركز الاهرام... قاهيرة 1993

2- كوردستاني نۆی ژماره 1782...1783 ,,,,ساڵی 1999

3- خەبات بە داخەوە ژمارەکەیم نەنووسیوە تەنیا بەڵگەکەم پاراستووە .

4- ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە 219 دیرۆکی 04/05/ 2005 هەروەها ڕۆژنامەی ئاوینە ئەم هەواڵەی بڵاوکردیتەوە .

5- سەرچاوەی یەکەم

6- خەبات ژمارە 2023 لە 06-01-2006

سان پیترسبۆرگ ....2006/05/06
jazachingiani@hitmail .com
www.chingiani.de